# نامەکەی کیسەنجەر و چارەسەری رادیکالی سێوولاتی بۆ عێراق



**ساقی بارزانی**

**ڤیرجینیا - ئەمریکا**

www.klawrojna.com

یەکێک لە خەسڵەتەکانی سیاسەتمەداران و سیاسەتداڕێژانی حکومەتی ئەمریکی ، ڕێز گرتنە لە کاربەدەستە ڕامیاریەیە کەڤنەکانیان. تەنانەت لە پاش کۆتایی خوولی دەسەڵاتیان، لە بری دژایەتی کردنیان و هەوڵ بۆ لە نێو بردنیان (مینا ڕۆژهەلاتی ناڤین) ، ڕێزیان لێدەگیرێت و سوود لە ئەزموونی ڕابردووی ڕامیارییان وەردەگرن . ئەو سیاسەتمەدارە خانەنشین کراوانە ، ئەگەر چی لە پشتی پەردەن بەڵام هێشتا بازنەیەکی بەهێزن لە سەنتەری بریاردان، و ڕێنوماییەکانیان بە هەند وەردەگیرێن و زۆر جاریش دەبنە فاکتەری گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەرەوەی ئەمریکا. هەمیشەش ڕاپۆرتی حەفتانەی دەزگای ئاسایشی ئەمریکییان بۆ دەچێت و لە کێشە هەستیار ومەترسیدارەکان ئاگادار دەکرێنەوە.

هێنری کیسنجر ، یەکێکە لە وانەی پتر لەوانی دی لە چەسپاندنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆڵی ئاکتیڤی گێڕاوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی و پسپۆڕێتی و شارەزایی ڕادەبەدەریی و سەرکەوتوویی لە سیاسەتی دەرەوەی، بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی ناڤەند.

لە بەر ئەوەی کە کیسەنجەر کاریگەرییەکی فرەی بەسەر شۆڕشەکانی کورد و چارەنووسی دا هەبووە و تاهەنووکەش ڕاوێژکارێکی ئاکتیڤی سەرۆک کۆمار و وەزارەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەییە، پێویستە

به ڕاشکاوی ئەم کەسایەتیـیە بناسین تاکو بکارین بە سوودی گەلەکەمان کەڵکی لێ وەرگرین بە تایبەت کەلە دوایین نامەی سەبارەت بە دۆخی عێراق , کیسەنجەر زۆر سەرنجڕاکێشانە باس لە چارەسەری دابەشکردنی عێراق بە سەر 3 وولات دەکات. لە مێژووی ئەمریکادا ، ئەمە یەکەم جارە ئەم کەسایەتیـیە و هەروەها هەندێ کەسانیتری تێکەڵ بە پرۆسەی ستراتیژیەتداڕێژانی عێراق ئاماژە بەم چارەسەرە دەکەن کە بە سوودی گەلی کوردە !
هەڵبەت ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ شیاوی و کارایی سیاسەتمەدارانی کورد و حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و نوێنەرانیان لە ئەمریکا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.( چۆنکە بەداخەوە لۆبییەکی یەکگرتووی کوردی لەم وولاتەدا نیە ئەگەرچی پتر لەچل ساڵە کورد ڕوویان کردۆتە ئەمریکا، لە ڕووانگەی ووشیاری نەتەوەیی لە ئاست گەلانیتر زۆر لە پاشڤەین و هەستیشی پێ ناکەین. پوتانسیەلی پێزانین و هەست پێکردنە دەبێتە هاندەری بزاڤی ڕۆشنبیری، هوشیاری و پێشکەوتنی گەلێ. ویڕای ئەوەی زۆر نیازمەندترین کەمتر هەست بە کێماسییەکانی خۆمان دەکەین ! دەبوایە ئێستا چەندین سیاسەتمەداری کوردمان بووبا لە نێو کۆنگریس و وەزارەتەکانیتر ، بەڵام نەک نیمانە ، بەڵکو داینامیکە لاوازەکەش کە هەیە دەخرێتەبەر چەکوشی سەرکووتکردن بە دەستی کورد و حیزبەکانەوە. لە بری خەباتی نەتەوەیی هێشتا نوێنەرە حیزبی و سیاسیـیەکانی کورد لە ئەمریکا سەرقاڵی پێشبڕکێی چوونە ناو باڵوێزخانەی عێراق و پۆست وەرگرتنن!! کاتێکیش کەسێک باسی بەرژەوەندی نەتەوەیی و سوود وەرگرتن لەم دەرفەتە ناتبانە دێنێتە ئاراوە و باس لە گۆڕانکاریی پێویست لەو سترەکتورە نەگۆڕ و هەڵپەسیوراوە دەکات ، سەرجەمییان دەکەونە ڕەقەبەرایەتی کردنی و هەموو هێزی فکرییان (کە زۆر کەمە!!) دەخەنە گەڕ بۆ دژایەتی کردنی و ناوناتۆرەی بۆ دادەتاشێن و شێوازی بیریشی بەچەواشەیی ڕادەگەیەنە خەڵک و ڕێگری دەبن.. چونکە پەنجە بۆ ئاڵقە زێرینەکەی دەسەڵاتیان و ناشیاوی و بیرتەسکییان درێژ کراوەو وقەڵەمڕەوی میریی خۆیان لە گەمارۆی مەترسی دەبینن و دەترسن کە کورسیی دەسەڵاتیان لە دەست بدەن !!! ) .

زۆر ئاستەمە گەلی کورد یان باشتر بێژم سەرکردەکانی کورد بتوانن لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، لەم جۆرە بلیمەتانە کە نموونەیان لە ئەمریکا زۆرە بەرنەوە ئەگەر ویکچوونێکی بیرو باوەڕ لە ئارادا نەبێت یان بەرژەوەندیـیان لە گەل کورد دا نەگونجێت !! ئەوان لە ترۆپکی شارەزایی سیاسی و توانای ئابووری و دەسەڵاتن ، بەڵام کێشەی کورد ئێستا هاوسەنگی بەرژەوەندیـیە ئابووری و سیاسییەکانی ئەمریکایە ! ئێستا بزاڤێک لە نێو سیاسەتداڕێژانی ئەمریکادا هەیە کە خوازیاری چارەسەری مرۆیی کێشەی کوردن و کۆکن لەسەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد. ئەم گرووپە ڕۆژانە بەهێزتر دەبن ،بەڵام ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە داخوازییەکانی زلحیزبەکانی کورد و ستراتیژیەتێکی دووربین و مسۆگەر.

هەرووک لە دیمانەکانی کیسەنجەر لە گەل کەنالی ( سی ئن ئن) و لە نامەکانی بۆ بوشی گچکە سەبارەت بە عێراق ئاماژەی پێکردووە، کە ئەو چارەسەری کۆتایی و بنەڕەتی عێراق لە سێ وولاتی جیا

دا دەبینێتەوە... بیری جیاخوازیش کاتێک کاریگەر و مسۆگەر دەبێت کە سیاسەتمەدارانی کورد سەربەخۆیی بە بڤە نەزانن و ڕاستەو خۆ بە ئەمریکی و عەرەب و تورکەکان ڕابگەینن و بەرامبەریان بوێرانە دەم بکەنەوە و بڵێن کە ئێمە نەتەوەیەکی 40 میلیونین ، نەک کەمایەتیی وولاتێکی شۆڤێنیستی عەرەبی و مافی خۆمانە داوای سەربەخۆیی بکەین و وەکو سەرجەم نەتەوەکانیتری سەر زەوی وولاتی خۆمان لە سەر زێدی دێرینەی خۆمان بونیاد بنێین. کورد دەبێت بە لوبییەکی هاودەنگ داکۆکی لە مافە نەتەوەیییەکانی خۆی بکات و بە بەردەوامی ئەم کێشەیە لە میدیا بیانیەکان بوروژێنێت . هەروەها پێویستە ئێمەی کورد زانستیانە ئەم جۆرە کەسایەتیانە بناسین و هەوڵ بدەین کە بتوانین ڕۆڵێکی کاریگەرمان هەبێت لە پەیوەندی پێ کردنیان و ئەو باڵە کوردخوازە بە هێزترکەین تا بتوانین پتر دزە کەینە نێویان و دیدی ئەوانەی چارەنووسی گەلان دیاری دەکەن لەهەمبەر گەلی کورد پۆزیتیڤانە بگۆڕین.

**بۆیە بە پیویستی دەزانم کە لەم بابەتەدا ژیاننامەی کورتی هێنری کێسەنجەر بخەمە بەر چاوی خوێنەران :**



- هنری ئالفەرد کیسەنجەر لە ساڵانی 1973 – 1977 دا 56 ە مین وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو و دواتریش لە نێوان ساڵانی 1969- 1975، بەردەوام بوو لە پۆستی یارمەتیدەری ئاسایشی نەتەوەیی بۆ سەرۆک کۆمار . دوای بەجێ هێشتنی کاری خزمەتگوزاری حکومی ، دامەزرێنەری ڕێکخراویک بوو بە ناوی ڕێکخراوی ڕاوێژکاری نێو نەتەوەییە کیسەنجەر ئەسۆشییێتز.*

- دۆکتۆر کێسەنجەر لە ڕۆژی 27 ی مەی ، 1923 لە فێروت – ئەڵمانیا لە دایک بوو.

- لە ساڵی 1938 هاتۆتە ئەمریکا و لە ڕۆژی 19ی جوونی ، 1943 بووە ستیزەن (هاووڵاتی) ی ئەمریکا.

- لە ساڵی 1950 بە پلەی زۆر باش بەکالاریۆسی لە زانکۆی هارڤارد وەرگرتووە ودوا بە دوای ئەو لە ساڵی 1952 ماستەر و پاشان لە 1954 دۆکتۆرای لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە.

- لە ساڵانی 1954 تا 1971 مامۆستای زانکۆی هارڤارد بووە لە هەر دوو بەشی کێشە نێونەتەوەییەکان و بەشی حکومەت.

- لە ساڵانی 1957 تا 1960 یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەو بەشە بووە. و دواتر بووە بە سەرۆکی خوێندن لە بەشی بۆمبای ئەتۆمی و سیاسەتی خارجی بۆ کۆنسولی پەیوەندیە خارجییەکانی.

- له ساڵانی 1955 -1956؛ سەرۆکی پرۆژەی خوێندنە تایبەتییەکان بووە بۆ شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوە و چەکی ئەتومی بۆ کۆنسولی پەیوەندیە دەرەکییەکان.

- لە ساڵانی 1951 – 1971 سەرۆکی سیمینارەکانی هارڤارد بووە.

لە ساڵانی 1958 -1971 بەڕێوەبەری پرۆگرامی خوێندنی بەرگری بووە .

- لە ساڵانی 1969-1971 بۆ ماوەیەکی کورت زانکۆی بە جێ هێلا.

کیسەنجەر کتێبگەلێک و بابەتی زۆری نووسیوە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و کێشە نێونەتەوەییەکان و مێژووی دیپلوماسی. لەو خەڵاتانەش کە پێشکەشی کراون بریتین لە:

- (1965-66) Guggenheim Fellowship:

یە 35,747$ بڕی ئەوپارەیەی کە ساڵیانە بە قوتابی زۆر زیرەک دەدرێت. نزیکەی

- لە ساڵی 1958 خەلاتی باشترین کتێب لە سەر دەوڵەت، سیاسەت و کێشە نێونەتەوەییەکانیی پێ بەخشرا کە ناوبانگە بە خەلاتی

Woodrow Wilson

- لە ساڵی 1973 خەلاتی نۆبلی ئاشتیی پێبەخشرا بۆ دەستپێکردنی ووت و وێژی دیپلوماسی بۆ گەڕاندنەوەی هێزی ئەمریکی لە ڤیەتنام.

- لە ساڵی 1973خەڵاتی ئەنستیتیوتی ئەمریکی بۆ خزمەتکوزاری گشتی پێ بەخشرا.

- لە ساڵی 1973 خەڵاتی نێونەتەوەیی تیوردۆر ڕوزڤێلتی وەرگرت.

- لە ساڵی 1973مەدالیای خزمەتگوزاری سەربازەکۆنەکانی شەڕە دەرەکییەکانی پێ درا.

-لە ساڵی 1973، "خەڵاتی هیوا" بۆ زانستە نێونەتەوەییەکانی وەرگرت.

-لە ساڵی 1977 خەڵاتی سەرۆکۆماری ئازادی پێ بەخشرا.

- لە ساڵی 1986 خەڵاتی سەربەستی پێ درا.

## پێشەکانیتری ئەو بریتی بوون لە:

- ئەو وەکو ڕاوێژکار لە ساڵانی 1965 تا 1968 لە وەزارەتی دەرەوە کاری کردووە.

- 1961-6819 لە ئاژانسی کۆنترۆلی چەک و دامالێن .

-1962-1961 ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی.

-1960-1959 بووە بە ئەندامی گروپی تاقی کردنەوەی سیستەمی چەکی بەرگری.

-1955 ئەندامی پانێلی بەڕێوەبەرانی ئۆپریشن.

-1952 سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی ستراتیژیی سایکۆلۆجی بووە.

-1951 ئەفسەری توێژینەوەی ئۆپراسیون بووە.

-1983- 1984 سکرتێری گشتی کۆمیسیۆنی باپپارتیزان لە ئەمریکای نێوەڕاست .

-لە ساڵی 1942 تا 1946 دۆکتۆر کیسەنجەر لە دەزگاییی دژە ئاسایشی میلیشیای ئەمریکی کاری کردووە.

-لە ساڵانی 1946 تا 1949 وەکو کاپتان لە ئاسایشی میلیشیایی یەدەکی کاری کردووە.

- لە ساڵی 1949 دا لەگەڵ -ئەن ڤلێشچر- زەماوەند دەکات و دواتر لە ساڵی 1964 لەیەک جیا دەبنەوە. دوو منداڵی بە ناوی ئیلیزابت و داڤیدی لێ هەبوو و پاشان لە ساڵی 1974 لە گەل نەنسی مەگینز زەماوەند دەکات.

---

“Kissenger Associates” *